ئەگەر هەر دەتانەوێت دابنیشتن؛ ئەوا مافی ڕێگا بدەن، ووتیان: ئەی مافەکەی چییە؟ فەرمووی: چاو پاراستن (نەزەر نەکردن)، وئازار نەدان، و وەڵامدانەوەی سەلامکردن، وفەرمان بە چاکە ونەهی لە خراپە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئاگاداربن لەسەر ڕێگاکان دامەنیشتن»، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، چارەمان نیە ئەوە شوێنی دانیشتنمانە وقسە لەسەر کاروبارەکانمان دەکەین لەو شوێنانە؟ فەرمووی: «ئەگەر هەر دەتانەوێت دابنیشتن؛ ئەوا مافی ڕێگا بدەن»، ووتیان: ئەی مافەکەی چییە؟ فەرمووی: «چاو پاراستن (نەزەر نەکردن)، وئازار نەدان، و وەڵامدانەوەی سەلامکردن، وفەرمان کردن بە چاکە ونەهی کردن لە خراپە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاوەڵانی ئاگادار کردەوە لە دانیشتن لەسەر ڕێگاوبانەکان، ووتیان: ناتوانین دانەنیشین ونەوەستین لەو شوێنانەدا، فەرمووی: ئەگەر هەر نەتانتوانی ئەوا واجبە مافی ڕێگا بدەن، وپرسیاری مافی ڕێگایان لێی کرد، پێیانی فەرموو: ئەوەیە چاویان بپارێزن لە نەزەر کردن وسەیر کردنی ئەو ئافرەتانەی ڕێدەکەن لە پێشیانەوە ونابێت ئازاری خەڵکی بدەن بە قسە یان کردەوە، ودەبێت وەڵامی سەلامکردن بدەنەوە، وپێویستە فەرمان بە چاکە بکەن ونەهی لە خراپە بکەن ئەگەر خراپەیەکیان بینی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5501